# ڕۆمانێکی سەد و هەشتاودووهەزار لاپەڕەیی



پۆڵا سەعید

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

بە قوربانییەکانی کارەساتی ئەنفالی بەدناو پێشکەش.

گڕەیە گڕەی تەمموز و گڕەی شەڕە
گڕەی ژانێکی کوشندە و گڕەی گەندەڵیی جاش و
گڕەی گەرووی ئەژدیهایەکی درە،
گەلە گورگی بەعس بەرلەوەی چاوی ڕشانەوەیان هەڵبێنن
سکیان بە مێگەلی جاش و تەویلگەکانی ڕاوێژکار و
سیخوڕەکانی شار و دێ ئەچێت،
بەرلەوەی تینوێتییان بە خوێنی داربەڕوویەک بشکێنن
داڵەکەرخۆرەی نیگایان لەسەر شانی تۆز لێنەنیشتووی
ڕانکوچۆغە فرۆشراوەکان هەڵئەکورمێت،
هەرچەندە نەوەی ئەم خاک و ئاوەن
بەڵام جاشن
نۆکەری بەعس و تاسەلێس و
چڵکاوخۆری ئازوبازن*،
هەرچەندە بە زمانی دایکی کوردیی ئەدوێن

بەڵام کلکی تەوری سوڵتانی مێژوو و
پەشتەماڵی بەردامێنی فاشستی سەردەمن،
جاش بوون
پۆستاڵی پێی بەعسییان و
بازرگانی خوێنی پێشمەرگە و
غوڵامکاری نێو دەرکی سەربازێکی گەڕ و گولی
گوند و شار بوون،
لەسەر مێزی ڕازاوەی بەعسییانا
ئەوان ژنیان مەزە و کچیان بووکەسەماکەرە و
بۆخۆشیان ملپانی ڕێڕەوی بەردەرگا و کۆڵان بوون،
ئێوەی جاش سەردەمانێک ژنەکانتان لە "مەزاد عەلی"
شەوانی بەعسییانا دادەنا،
ئێوەی جاش سەری شۆڕتان بۆ بەعسییان
بە کام دەرگای خەجاڵەتییەوە نەدەنا؟
ئەوەڵ سەحەر بوو گەلی برادەرینە
هەراج هەراج هەراج
ئەوە دەرپێی زەرد بووی ژنەکەم
ئەوە قەڵەم لێوی گیرفانی کچەکەم
ئەوە کڵاو و جامانەکەی خۆم و
دەستێ شاڵی هەورامیی و پێناسەکەم،
هەراجە خەڵکە وەرن
هەراج هەراج هەراج
ئەوە سرودی ئەی ڕەقیب و
برنەوەکەی شانی بارزانیی هەمووی تێکڕا بە یەک فلسی قەڵب بەرن،
ئەوەڵ سەحەرە تف لە چارەی ڕەشی دزێوتان
گەلی برادەرینە ئەوان جاشبوون
ئەو کاتانەی ئێمە قاچمان لە جۆگەلەی خوێنی خۆمانا ئەشت
ئەو ڕۆژانەی ئێمە بە تاڵی گڕی دەروونمان چاو و برۆی نەخشەی
ئەم خاکەمان هەڵئەگرت
ئەوان "قەعدە"ی ژێر سمی بەعس و
سەگی پەتکراوی حەوشەی بەدر و قەعقاع و معتەصەم بوون،
لە باوەشی گڕتێبەربووی ئەم دایکەدا

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

هەر تەنها سێ هەزار پێشمەرگە بووین
زەرد و سوور سەوز و شیینمان لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە
سەد و هەشتاودووهەزار لاپەڕەییی‌یەدا
یەک دڵ و گیان بۆ ئەم خاکی کوردستانە
پێشمەرگەی نێو یەک سەنگەر بووین،
ئێوە سەد و پەنجاهەزار کلکی تەور و
چوارسەد و سێ فەوجی بازرگانی خوێن و
سێسەد و شەست ڕاوێژکاری تاڵانکەری ئەم خاکەبوون،
کێچ بوون بە گەردنی ئازادیی‌یەوە نووسابوون
دەستی تاوان و خۆفرۆشیی بوون
بە دووربینەکانی بەر شان و ملی یەکانەکانی بەعسا هەڵواسرابوون،
سەدان ئاواییی و دێی ئەم خاک و ئاوەتان جەڵەب ئاسا
بە پێشی خۆتانەوە بۆ بارەگاکانی پەت و قەنارە ڕاپێچئەکرد
لە هەیئەی کەرکوک و تۆپزاوا دا
هەراجی ورد و درشتی کوردتان ئەکرد،
ئێوەی جاش پاشکۆی پیسایی‌یەکانی بەعسن
لەسەر بانیژەی ئازادیی ئەم خاکەدا بەجێماون
ئێوەی جاش ئێستاکانێ لەگەڵ گوڵەمێلاقەکانی شاخا
لە گوڵدانێکا تێکەڵکراون،
ئێوەی جاش ئێستاکانێ لە سنورێکا یاریی بە یاساکانی ئازادیی ئەکەن
نە ڕێگەم ئەدەن هەنگاو بنێم
نە پسووڵەیەکی پەڕینەوەشم دیاریی ئەکەن،
بۆرانێ بوو تیلەی هیچ کەس بەرپێی هەنگاوی خۆی نەپێکا
تۆفانی غەدری ئەنفال بوو
هیچ کەس گەرووی تینووی بێدەستەڵاتی خۆی
بە سووتماکی خاک پێ تەڕنەکرا،
نە دونیای کەڕی گوێ بە نەوت پەستراو هاواریان بیستم
نە خواش تەماشای سووتانی بەژنی کردم،
من لە ئاگری ئەم غەدری ئەنفالەدا
پەریخان بووم
چەند برایمۆکی خاک دەستی بۆ هانام هێنا
کڵپەی بەژنی گڕتێبەربووم نەکوژایەوە

یەسنایەکی گڕگرتوو بووم
چرکە بە چرکە برینم
لە هەورەبروسکەی ڕق و کینەی ئەنفالدا
ئەتوایەوە،
گابەردی شاخێکی گڕتێبەربوو و دوکەڵاوییم
لە لوتکەی سێپتەمبەری هەشتاونۆوە فڕێدایە
گۆمی مەنگی کۆنگرەی ئیسلامیی حیجازەوە
ویژدانی بەستووی هیچ وڵاتێکی عەرەبیی ئیسلامییم
پێ نەشڵەقا،
قیژەی گوندێکی سووتاوم بە هەڵەداوان
خستە نێو سندوقی پۆستە سپییەکەی پەنتاگۆنەوە
سەری جەنجاڵی سیاسەتی هیچ کامێکیانم پێ نەلەقا،
دەنکەشقارتەیەکم لە دڵۆپێ نەوتی
بەجێماوی مێژوو بەردا
چاوی زەقی ئەم جیهانە بوونە دەنووکی ڕەقی ڕەخنە و
بە پەنجەی ویژدانی مانگی سوور و کاریتاس یەک لەسەر یەک
لە دەرگای پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان ئەدا،
*
دەرگای ئەم ئایەتی ئەنفالەم لەسەر دابخەن
لێرەوە ڕەشەبای تاعون
تۆفانی شمشێرەکانی بەدر
چاوە برسییە پیربووەکەی " سعدی کوڕی معاڑ"
بە سەرلاشەی ونجڕ ونجڕبووما
ڕەشماڵی دوکەڵێکی ڕەش هەڵئەدەن،
" یاسالونک عن الانفال الله والرسول فاتقوا الله واصلحوا ژات بینکم واطیعوا الله و رسوله ان کنتم مؤمنین"
بەکام هەڵدێری مێژوودا هەڵزنێین؟
بەکام توونی بابای ویژدانی مردووی خوادا ڕەتبین؟
خوای ئەنفال
خوای واطیعوا الله و رسوله ان کنتم مؤمنین،
ئەی برینە گەورەکەی سەر تەوێڵی بوونم
لەوەتەی هەیت باجدەری خوێنی ئیسلام و خوایت

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

لەوەتەی هەیت ژەژەرێکی نەغمە سووتاو و تەرەیت،
دوای هەزاران ساڵ هاورونە ڕەشیدی بابی عالی بغدادی خمخۆرک*
فوارەی خوێنی مێژووت ئەخواتەوە
دوای هەزاران ساڵ محەممەدی عەرەبیی لەژێر ناوی "صدام حسین" دا
لەدایک ئەبێتەوە،
دوای هەزاران ساڵ ڕووباری خوێن و
گێژەڵوکەی فەرهود و تالآنیی
لە بەدرەوە بۆ باوەشی سووتاوی تۆ ئەگوێزنەوە،
ئەی کوردستانە گڕگرتووەکەم
دوای هەزاران ساڵ داومانی بە دەفەی شانی شکستمانا
جێیەک نییە تۆی لێدانێین
وڵات بە وڵات و کیشوەر بە کیشوەر
سەری بڕوای بوونتمان ئەگێڕا
بستەزەمینێک نەبوو برینی تۆی تیا سارێژبکەین،
لە بیابانەکانی سەر سنوری سعودی عەرەبییەوە
قیژەی هاوارێکی سووتاو "با"ی چارەنووسێکی خۆڵەمێشیی
تەپ و تل هێنای و دای بە دەم ڕەشماڵێکی تەڵخی
بەدووە گەڕیدەکانی باشوورەوە،
زامێکی مێرمنداڵ
ئازارێکی خوێن لەبەر ڕۆیشتوو
"تەیمور عبداللە"یەکی دوانزە ساڵ،
سەری بڕوای "کوڵە جۆ"ی نێوەتە نێو هەگبەی خنکاوییەوە و
یەک لەسەر یەک تف ئەکات لە لاپەڕەکانی ئەنفال و
لە دڕندەیی و لە ویژدانی مردووی بەعسی قەل و داڵ،
ئەی ئازارە گڕگرتووەکە
ئەی"تەیمور عبداللە"ی شەهید
دامەمرکێ
باوەش بە قرچەقرچی برینتا ئەکەین
لە کوێ چاوی نەبەردی مێژوو
سەکۆیەک بۆ ئەم ئازارە سوورەوەبووە چێبکا
لەوێش دڵم چرایەک لەسەر لوتکەی بڵندیی تۆ هەڵئەکا،
چ مێژوویەکی پڕ کارەسات بوو

ڕێچکە و قەتارەی مەرگ لە گۆپتەپە و سێوسێنانەوە
لە دێی عەسکەر و ئاغجەلەر و گەلی بازێ و
دۆڵی بالیسانەوە
بۆ تۆپزاوای گەرووی تاوان و
چاڵەکانی عەرعەری خوێن ئەگوێزرانەوە،
*
ئەم "با" ساردە چییە وا لەسەر لا
لەپی ڕۆحم ئەتەزێنێ؟
ئەم کرێوەی خوێن و کلوی هەزار بە هەزاری قیژانە چین
وا سەراپای واق وڕماوم
وەکوو پەیکەر لەم نێوەندی ڕێگایەدا ئەچەقێنێ؟
ئەی ئەم ڕێگایەی تێیدا وەستاوم
ناوەندی دەرکەکەی "ئەحمەدی کاکی"یە
یان یەکێ لە چاڵەکانی عەرعەرە
پەڕیوەتە نێو گلێنەی هەردوو چاوم؟
لە نێوەندی ئەم ڕێیەدا لاممەبەن
توورەکەی فرمێسکەکانم لەگەڵ ڕووباری خوێنی نوگرەسەلمانا
بە تەنافی غەدری ئەنفالا بۆ هەڵبخەن،
ئەی داربەڕووە سەر سپییەکانی
نوگرەسەلمان
ئەتانبینم لەژێر لمی غەدرەوە
کاکۆڵتان کۆلارەی دەستی ئەنفالە و
"با"ی عەفلەقییەکان ئەیلەنگێنێ،
دەست و پێ و بەژنتان خۆراکی سەگە و
قەل و داڵ لە دەمی خوێناوییانا ئەیفڕێنێ،
لە نێوەندی ئەم ڕێیەدا لێمگەڕێن
من لێرە هەرهیچ نەبێت جۆگەی گریەم
تێکەڵ بە ڕووباری خوێنی ئەنفال ئەکەم
هەرهیچ نەبێت بۆنی هەناری مێخۆشی
گۆپتەپە و دێی عەسکەر ئەکەم،
لێرە من چرکە بە چرکە دیدەنیی ڕۆمانێکی
سەد و هەشتا و دووهەزار لاپەڕەیی ئەکەم،

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

ئالێرەدا لێمگەڕێن تا ئەوکاتەی بۆمئەکرێ
گۆڕەکانیان هەڵبدەمەوە
من دڵنیام ئەو شەوەی لە وڵات خۆر هەڵدێ
ئەمان لێرە زیندوو ئەبنەوە،
ئالێرەدا لێمگەڕێن من دڵنیام هاکا لە گۆڕەکانیانا هاتنەدەرەوە
هاکا بە پێی پەتیی و ونجڕ ونجڕبووی بەژنیانەوە
ڕێی عەمرەیەک ئەگرنەبەر
لە کەعبە دا لە بری شەیتان سەد و هەشتاو دووهەزار جار
ئێسک و پروسکی محەممەدی عەرەبیی ئەکووتنەوە،
هاکا هەموو پێکڕا بۆ سەیوانم گەڕانەوە
لەگەڵ خۆیانا مەزرگای نالی
بۆ باوەشی هەڵەبجەی شەهید ئەهێننەوە،
*
برینێکی پارەپارە بووم
سەرگەردان، ماخۆلانگرتوو
لە میحرابی مزگەوتی بیست و پێنج وڵاتی عەرەبیی دا
نەما هەڵنەتروشکێم
لەبەردەرگای ویژدانی بەستووی ئەمیرێکی عەرەبیی دا
نەما بە پەنگ نەکرێم،
کیشوەر نەما خۆمی لێنەدەم
وڵات نەما چەتری پاڕانەوە و هاواری ڕۆمانێکی سەد و هەشتا و دووهەزار لاپەڕەیی لێهەڵنەدەم،
ڕەشم بینی سپییم بینی
قژ زەرد و چاوشیینی ئەمریکایی و ئەوروپییم بینی
لەسەر ڕێی پیادەڕەویان کەوتبووم
برینم سوور ئەچۆوە
کەچی کەسیان لایەکی بەزەییان لە منی کورد نەکردەوە،
لەناو جەرگەی کەعبەدا ڕەشماڵێکی کوردییم هەڵدا
منی کوێرە برین جامانەکەم لە قەدی خوێن لەبەر ڕۆیشتووم ئاڵاند بوو
کەچی ئێوەی عەرەب چاوی بە خوێن سووربووتان
لە منی کووتە برین نووقاندبوو،
دڕندەبوون

www.kurdistannet.org

نەوەی محەممەدی عەرەبیی و ئەژدیهایەکی بیست و پێنج سەربوون،
ئێوەی ویژدان و ماف نەناس
کوڕی بەدر و پاڵەوانی پێش لەشکری قعقاع و معتصەم بوون،
ڕەشم بینی سپییم بینی
قژ زەرد و چاوشیینی ئەمریکایی و ئەوروپییم بینی
بەڵام هەتا ئێستا دڕندە و نامرۆڤی وەکوو ئێوەی عەرەبم
لە بستێ زەمینی ئەم جیهانەدا قەت نەبینی،
لە تۆف و ڕەهێڵەی بارانی ئەم شیعرە دا
پێنووسم دەستەسڕی دەستی وشەی سەرچۆپیی کێشە و
لە شایی ئەم خوێنەدا سنەیی هەڵئەپەڕێ،
بیرکردنەوەم دەست و پەنجەی خەناویی پەریخانە و
لە خەڵوەتی ئەم ئاهەدا دەروێش ئاسا
دەفی سەرم ئەژەنێ،
ئەمشەو بارانی وشەم خۆشناکاتەوە
زریانی شیعرم دانامرکێتەوە
ئەمشەو کڵپەی ئاگری لە هەناو بەربووم ناکوژێتەوە،
هەر ئێستا من لێرە لە کوانووی ئەم شیعرە دا باڵ ئەگرم
لەگەڵ خۆما تڵەی سوورەوەبووی وشەیەک ئەبەم
ئەیکەمە تفەنگێکی زامن نەکراو بۆ شانم،
داناسەکنێم
لە کوێ زرمەی تۆپی هەق بێ
لەوێ لاولاو ئاسا بە بەژنی بڵندی خەباتا هەڵئەزنێم،
دە بباریێ ئەی بارانی یادە سوێرەکان
دە هەڵبکە ئەی ڕەشەبای گڕەی کەلێنی بیرەوەرییەکان،
دە بمبە تەپوتل بە کزەی سووتاوی ئەم ترافیەیەوە
سەرەوخوار وەک گەڵای وەریووی بەژنی درەختی شەهید
بمدە بەدەم پاییزی ساڵی "هارمۆتا"* و "بایزئاغا"*ی سووتاوەوە،
فڕ ... فڕ ... فڕ ... فڕ
وەک تۆوی هەمیشەبەهارێک هەڵمبگرە و
لەسنگی قڵیشاوی "سەرگەڵو"*دا بمڕوێنەوە،
*
ئەی کووتە برینەکانی سەراپای گیانم

ئێوە چەند شەکەت لە شووشەبەندی
ئەمیرەکانی عەرەبدا کەوتوون،
ئێوە چەند شکست لە قەفەزی بازرگانیی
ولاتانی کەنداوا ڕیزکراون
چۆن کۆترێکی گمەخنکاو و باڵکراون
لە بازاڕی هەڕاجی بەعسییانا
چۆن کۆیلەیەکی سەرگەردان و بەتاڵانبراون
ئەی ژنانی تاڵە برژانگەکانی هەردوو چاوم
ئێوە چەند هەرزان لە بازاڕی شەریعەتی ئیسلاما
بۆ فرۆشتن ڕیزکراون،
چەند بێ ویژدانانە وەک ئامێرێ
لەبەردەستی پێپەتییەکی کەنداودا فڕێدراون،
هاوارێکی بە ئازار بووم
مشتی زریکەم لە دەرگای هەموو باوەڕەکانی دونیا سرەواند
هیچ خوایەکی بێ ویژدان
گوێی لێنەگرتم،
گریانێکی گڕگرتووبووم
ڕووباری نازی هیچ مزگەوت و کەنیسەیەک
لە باوەشی کوژانەوەی نەگرتم،
ئازارێکی چەند تەنیا و
گۆمی خوێنێکی چەند مەیوو بووم
لە بیابانی بازاڕی کەنداو و نەوەی محەمەددا تووڕدرابووم،
ئازارێکم هەتائێستاش دوکەڵ لە بەژنم هەڵئەستێ
برینێکم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاگر لە نێرکی ژانم بەرئەبێ،
تۆفانی ئاگر و ئاسن بوون
وەک مۆرانە لە شۆڕابەی هەنجنهەنجنم بەربوون،
لە سالانی گەلە گورگی بەعسییانا
کەم بەرخی نێرم هەبووە
لەبەرپێی سوڵتانی غەدرا سەری نەبرن،
لە ڕۆژانی چۆڕەچۆڕی لیکی زاری عەفلەقییەکانا
کەم گوڵەباخی میهری باخەکەی خەزاڵی خاکم هەبووە
لەژێر پۆستاڵی گاردی کۆماریی بەعسییانا پەڕەیەکی ناسکی

جەرگ و دڵی نەدڕن،
هەر لەوڕۆژە خوێناوییانەدا
کەم دەنگم هەبووە لە کۆشکی حەوت سەری بەعسییانا
دەنگی خۆیان بۆ پێکەنینی تەختی سوڵتان
بە پەنگ نەکەن،
کەم ڕۆڵەم بووە شانی ڕاستی کوردبوونی خۆی
بە تفەنگی خیانەت و تاوان بۆ بەعسییان تەڵخ نەکەن،
کەم کوڕم بووە لە پێش لەشکری ئەنفالچییەکانا
بست بە بستی ئەم کوردستانە
بە تەپڵەکی جگەرەی دەستی فاشست نەکەن،
لەوڕۆژە سەختانەدا
لە نێوەندی دری شار دا
کەم ڕۆڵەم بووە لە پۆلەکانی قووتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکانا
بە تاڵی ئاوریشمی زمانی کوردیی فاقە و داوێک
بۆ یەکێتیی قووتابیان و لاوانی بەعس دروست نەکەن،
کەم لاوم بووە سەری بڵندی کوردبوونی خۆی
لە تەوالێتی ژێر سمی بەعسییاندا نەچەقێنێ
کەم خوێندکارم بووە بۆ گەیشتن بە پلەی باڵای بەرزی خوێندن
لە پێنووس و پەڕاوەکانی دەستیان
لیستی گوڵاڵەسورە یاخییەکانی جادە و کۆڵان
بۆ " ڕەفیقی و سیدی " فاشستەکان دروست نەکەن،
کەم ڕۆڵەم بووە شاخی وره و نەبەردیی خۆی بە تای تەرازووی
دیناری بەعسییان هەرەس نەهێنێ و
لوولەی تفەنگیان ئاراستەی سینەی
برای گیانی و پێشمەرگەی هاوخەباتیان نەکەن،
کەم ڕۆڵەم بووە سەری براوی هەڵۆی شاخم
لە بیست و هەشتی نیسانا
بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی ئەژدەهاکەی بغداد بە دیاریی بەرێنەکەن،
ئەوڕۆژانە ئەو ساڵانە
کەممان هەبووین
ئەژنۆی ڕووتی هەژارییمان لە باوەش بکەین
کەممان هەبووین

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

سەری بڵندی کوردبوونمان
لە گوڵدانی خەباتی شاخ و شار بکەین،
کەممان هەبووین
لەم ئاگری خیانەتەدا
ئەتکی لاپەڕەکانی مێژوو نەکرێین،
ئەو ساڵانە شەو نەبووە
نووکی پۆستاڵ دەرگای خەونم نەترازێنێ
شەو نەبووە لوولەی تفەنگی بەعس
قۆپچەی سەرسینەی ورد و درشتمان نەترازێنێ،
شەو نەبووە درەنگان لەبەردەم ئاوێنەی مانگدا
لە زرمەی تفەنگ و تەعدای بەعسییان
شانۆیەک بۆ بردنی ئابڕووی دایکم و خوشکە چکۆلانەکەم
سازنەکرێ،
باڕشتی نوزە و کروزی دایکتە و دەبوایە گوێت لێبگرتایە
زریکە و قیژەی خوشکە چکۆلانەکەتە و دەبوایە نیگای خوێنی
بەردامێنیت بکردایە،
جەستەی تێکشکاو و شینەوەبووی باوکتە و دەبوایە
بەسەریدا بازتبدایە،
چی ئەکەیت ئەوشەوەی ئابڕووت پۆستاڵی پێی بەعس بێ و
هەر بۆخۆیشت بۆیاخی بکەی؟
چی ئەکەیت ئەوکاتەی دایکت سوێسکەی بەزمەی تفەنگەوە برژاوی
جەللاد بێ و
خۆیشت بە قولاپی فەللاقەدا هەڵواسرابی؟
نیوەشەو بە خشپە لەگەڵ قیژە و هاواری دایکتا
چەندین گوندی گڕتێبەربوو
شەهید ئەبوو،
لەگەڵ ڕاکێشانی میلی تفەنگەکەی نێو دەمی باوکتا
ڕەز و بێستان
دەغڵی هەژار
مزگەوتی دێ خاپوور ئەبوو،
گەلێکی بێکەس و بێدەربووین
لە خوا تەنیاتر و

له گمەی کۆترێکی تەرەش غەمگینتربووین،
بستێ زەمین بەسەر سنوری خاکمەوە نەما
کەڵبەی ڕەقی ئەنفال لێیگیر نەبێ
سەری بڵندی ڕۆڵەیەکم لە شاردا نەما
بە خۆراکی کێبڵ و کارەبا و بتڵی زیندان نەکرێ،
ماڵێک، گەڕەکێک، قووتابخانە و چایخانەیەک نەما
تۆوی ڕەشی بەعسییانی تیا نەچێنرێ،
بۆ هەرکوێیەک ملت دەنا
قاسە کوێر و ئاسۆی قومریی و بەکری فاتەی
کلکی تەورت هەبوو
مشتێ خۆڵی سووتاوی هەر گوندێکت لە دەست دەنا
هەر ناوی تەحسین شاوەیس و فەتاح بەگی جاف و
ئیسماعیل عەزیز ئاغای زەنگەنەی
قاچاخچی خوێنی کوردیان لەسەر زار بوو،
هاوسێی دیوار بە دیواری خۆتبوو
دەبوایە بڵێی هاوسێم نییە
خاڵۆزا و پورزا و خوێن و گۆشتی خۆتبوو
دەبوایە بڵێی کەسم نییە،
ئەو پاساریی‌یەی لەسەر گوێسوانەکەی ماڵتان
دەیجریواند بەعسیی بوو
ئەو دەستگێڕەی ڕۆژانە بە کۆڵانەکەتانا ڕەتدەبوو
بەعسیی بوو،
کوچە و کۆڵانەکانی شار بە کۆشکی ڕازاوەی مستەشار و
ئامر سریە و فەوجی سوکەڵە تەنرابوو،
ململانێی سۆپەر و ژنی جوان و جانتای دپلۆماسیی
پڕ دینار بوو،
ئەو ساڵانە ساڵی یەقیین و
ساڵی نەهامەتیی و
ساڵی قرتانی باڵی زمانی کوردیی و
ساڵی ئەنفال و
ساڵی ڕۆمانێکی سەد و هەشتا و دووهەزار لاپەڕەیی بوو،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

پەراوێزەکان:
* ئازوباز: تاوان، ئۆباڵ، گوناح
* خمخۆرک: زەوی قووتدەر
* ترافیە: ئاوارە و دەربەدەر
* تەیمور عبدالله: تاکە کەسێک لە ئاگری چاڵەکانی عەرعەرەوە توانیبێتی دەرباز بێت تەیمور عبداللەی دوانزە ساڵە بوو، کە دانیشتووی گوندی "کوڵەجۆ"بوو سەر بە قەزای کەلار. کە دوو فیشەک بەر شان و پشتی دەکەوێت لە چاڵەکانی عەرعەر دا لە کاتی گوللەبارانکردنی دانیشتوانی گوندی کوڵەجۆ دا. دوای ڕاپەرین ئەم شەهیدە زیندووە دەگەڕێتەوە باوەشی دایکی نیشتیمان. گوندی کوڵەجۆ لە ئابی ساڵی 1988 دا لەلایەن جاشەکانەوە ئەنفالکراوە.

05.4.03

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET